ئیلۆن ماسک نوێترین و زیرەکترین بەرنامەی ژیری دەستکرد "3 Grok" ڕادەگەیەنێت

ئیلۆن ماسک خاوەنی پلاتفۆرمی "ئەکس"، هەروەها کۆمپانیاکانی تەسلا و سپەیس ئەکس ئۆژی یەکشەممە ڕایگەیاند، کە نوێترین بەرنامەی زیرەکی دەستکرد "3 Grok" کە لەلایەن کۆمپانیاکەی تایبەت بەم بوارە دیزاین کراوە (xAI) ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە ڕادەگەیەنرێت.

ئیلۆن ماسک چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە کۆنفرانسێکی پیشەسازی لە دوبەی ئاماژەی بەوەدا کە باشترکردنی بەرنامەی "3 Grok" لە قۆناغی کۆتاییە و گوتیشی: "لەوانەیە لە ماوەی هەفتەیەک یان دوو هەفتەدا بەرنامەکە پێشکێش بە بەکارهێنەران بکرێت".

ئیلۆن ماسک لەبارەی ئەو پێژەیەی زیرەکی دەستکرد دەڵێت: "ئەمە پێمان وایە لە هەموو زیرەکی دەستکردی تر باشتر دەبێت"، پێمان وایە ئەمە دواییین جار بێت ئامرازێکی زیرەکی دەستکرد باشتر بێت لە 3 Grok.

چەند مانگێک لەمەوبەر، ئیلۆن ماسک سیستەمی زیرەکی دەستکرد بەناوی "Grok"ـی لە ئاپی ئەکس بە خۆایی خستەوە، کە دەتوانێت دەق و هەموو جۆرە وێنەیەک و پرس و هەواڵێکی سادە بە زمانی ڕۆژانە بەرهەم بهێنێت و دروست بکات.